## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٣٣) لە ٢٠٢٣/١٢/٦

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە نووسراویان ژمارە (٧٤٣) لە ٢٠٢٣/١١/٧، و نووسراوی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥٥٥٨) لە ٢٠٢٣/١١/٢٨، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢١) لە ٢٠٢٣/١٢/٦، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. لێخۆشبوون و داشکاندنی ڕێژەی (١٥%) لە سەدا پانزە لە دانەوەی قەرزی هاوبەشانی کرێی ئاو، بە مەرجێک لە ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)، داواکاریی پێشکەش بکەن بۆ سوودمەندبوون لەم بڕیارە.

٢. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەر دەکات.

٣. وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە دوای بڵاوبوونەوەی ڕێنمایی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان).

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**